# یادنامە

YADNAMA

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارە ٢٠ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٠ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.20, December 2020


## بایدن دەبێتە کارەساتێکی گەورە بۆ تورکیا.؟



ڤێلت/ ڕۆژنامەی WELT نووسەر / Daniel-Dylan Böhmer... بە کوردی کردن/ پشکۆ ئەمین

کاتێک وەزیری دەرەوەی ئەمریکا مایک پۆمپێو ڕۆژی سێ شەمە بەسەردانێک گەیشتە تورکیا، نیشانیدا کە کۆتای بەپەیوەندی نێوان دەسەڵاتەکەی ئەردۆگان و دۆناڵد ترەمپ هات. پۆمپێۆ لە ئەستەمبوڵ چاویکەوت بە قەشەی گەورە Bartholomäus Patriarch پاتریک بەرتسلۆموس سەرۆکی کرستیانە ئەرسۆ دۆکسە رۆمەکانەو پێیانوایە لەلایەن دەسەڵاتەکەی ئەردوگانەوە پەلامار دەدرێن و لە ژێر هەڕەشەدان. پۆمپێۆ هیچ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەردۆگان و هاوتا وەزیرەکەشی چاوش ئۆغلو نەکرد. لە کاتێکدا کە چاوش ئۆغلو بانگهێشتی کردبوو بۆ یەک بینین. بۆ ل ٢ و ٣

## بەهای دراو و بانکی ناوەند

**یادنامە**

بانکی ناوەند کۆنترۆڵی بەهای دراو دەکا بە پێ ی حاڵەی ئابوری وڵات. کاتێک پارەی کاش وەک کاڵای مامەڵە نرخی دیاری دەکرێت لەلایەن بانکی ناوەندەوە، ئەو کات بانکی ناوەند بەرپرس دەبێت لە کۆنترۆڵ کردنی بەهای دینار و دۆلار و دراوەکانی تر. بۆ نمونە ئەگەر دینار لە بازاڕدا زۆر بێت بەهای دادەبەزێت بە پێ ی خواست و خستنە ڕو ئەو کات بانکی ناوەند لە ڕێگەی وەکلیلەکانیەوە دۆلار دەخاتە بازاڕ تا ئەو ئاستەی کە خۆی بە پێ ی ئابوری وڵات نرخەکەی دیاری کردوە، بە پێچەوانەشەوە کە دۆلار زۆر بو بەهای دادەبەزێ بانکی ناوەند هەڵدەستێ بە فرۆشتنی دۆلار و خستنە بازاڕەوە تا ئەو ئاستەی کە نرخی سەد دۆلار بە پێی ئەوەی خۆی دیاری دەکات. لە ئێستادا کە عێراق قەرزاری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و قەرزاری دەرەوەیە یەکێک لە ڕێگەکانی کورتهێنان لە بودجە و قەرزی دەرەکی و ناوخۆییە دابەزاندنی بەهای دیناری وڵاتە، کە بەهای ١٠٠$=١٤٥٠٠٠ دیناردیاری کراوە، کە وا دەکات نرخی کاڵا زیاد بکات بە تایبەت کاڵای دەرەکی و دەبێتە هۆیەک بۆ پشت بەستن بە داهاتی ناوخۆ و هەناردەکردنی کە دەبێتە هۆیەک بۆ ڕاکێشانی پارەی بیانی و بەرز بونەوەی داهاتی ناوخۆ.

ئەوەی لە ئێستادا دەوترێت کە کار لەسەر کەمکردنەوەی دۆلار بکرێت بۆ ئاستی سروشتی خۆی و بەهای دینار بەرز بکرێتەوە، هیچ دەستەڵاتێک (جێبەجێکردن، یاسادانان، دادوەری، سەرۆکایەتی کۆمار ) لە عێراقدا ناتوانێ کار لەسەر دەستەڵاتەکانی بانکی ناوەندی بکات بە دەستەڵاتی دادوەریشەوە، لە ئەنجامدا نرخی کاڵا بەرز دەبێتەوە کە بە پلەی یەکەم چینی خوارەوە و کەم داهات زەرەرمەندی یەکەم دەبن.


مانگی سێی ٢٠٢١ ڤاکسینی کۆرۆنا دەگاتە هەرێم..... ل ٤

ڕووسورەکانی مێژو: کاکە حەمەی حاجی سەعید.. یادنامە ل ٥

ئایا ٢٠٢٠ خراپترین ساڵ بو... زەمەن، ل ٦

بەرزانی پەیکەرتاش: سلێمانی بوەتە زبڵدانی پەیکەر، ل ٨-١٠

ئـازاد هـۆنەرێنـــەیی: بیروەریی.. ل ١٢

دو هۆنراوەی،کەژاڵ ئیبراهیم خدر... ل ١٥ – ١٦

# کارەساتێکی گەورە بۆ تورکیا.؟

**پشکۆ ئەمین**



لە وتویژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی ڤیاگارۆی فەرەنسی، پۆمپێۆ رەخنە لە ئەنقەرە دەگرێت بە خۆهەڵقورتاندنە ناو کێشەی لیبیاو کێشەو شەری ناگۆرنۆ و کێشەی ناو دەریای سپی ناوەراست و دەڵێت: ئێمە پێمان ناخۆشە و بە پەرۆشین هێزی سەربازی تورکی لە هەموو شوێنێک لەکاردان و بەکار دەهێنرێن، ئەم پێناخۆشی و دڵە راوکێیەشمان بە ئاشکراو بە نهێنی پێراگەیاندوون. گەرچی پۆمپیو وشەی ئێمەی(کۆ ) ی بەکارهێنا، بەڵام سەرۆک ترەمپ بە شێوەیەکی جیاوازتر دەیروانیە تورکیا. لە کۆتایی ساڵی پێشوودا ترەمپ لە کاتی میوانداری کردنی ئەردوگاندا لە واشنتۆن، ستایشی ئەردۆگان دەکات و دەڵێت: ئەمە هاورێمە، من دڵخۆشم کە ئێمە هیچ کێشەیەکمان نیە، چوونکە بە روونی دەڵێم کە سەرۆکی تاونبارە بکوژەکانە، پیاوێکی رەق و بەهێزە، پیاوێکی ئازایەو کاری راستدەکات، من ئەمە هەڵدەسەنگینم و لەپاشەرۆژیشدا هەڵیدەسەنگێنمەوە. لە راستیدا، لەکاتی هەندێک بەریەککەوتندا، بۆ نمونە لە کاتی دەستگیر کردنی قەشە ئەندرۆ برۆنسندا کە لە تورکیا دەستگیرکرابوو، ترەمپ دوور دەکەوتەوە لە ئەردۆگان. لە پایزی 2019دا ترەمپ رێگەیدا بە ئەردوگان سوپاکەی بەرێتە ناو سوریا بۆ لێدانی سوپای کوردەکان YPG ی هاوپەیمانە، کە لە گەڵ ئەمریکادا هاوپەیمان بوون لە باکورو رۆژئاوای سوریادا پێکەوە شەری داعشیان دەکرد و، داعشیان تێکشکاند. کاتێک کۆنگریسی ئەمریکی ویستی سزا بسەپێنێت بەسەر تورکیادا لە تۆڵەی کرینی موشەکی S-400 رووسی، ترەمپ وەستانی و نەیهێشت جێبەجێبکرێت. شت هەبوو کە هەردوو سەرۆک لێکجیاکاتەوە ئەردوگان زۆر جار دژایەتی خۆی دژی دەوڵەتی ئیسرائیل دەردەبرِی، لە کاتێکدا ترەمپ خۆی وا پیشاندەدات کە دڵسۆزترین سەرۆکی ناو کۆشکی سپیە کە دۆستی ئیسرائیلی بووبێت، لە نیوان هەموو هاورێ پیاوە دەوڵەتیەکانی ترەمپدا، رەنگبێت تەنها ئەردۆگان بووبێت،کە زۆر لە یەکیشەوە جیاوازبوون، بەڵام رێکبوون. رەنگبێت بەهۆی ئەوەوەبێت ترەمپ کاری بازرگانی لە تورکیادا دەکرد. ئەردوگان بەشدار بوو لە کردنەوەی بورجەکانی ترەمپدا لە ئەستەمبول سالی 2015، زاواکانی سەرۆکەکان بیرات بەیراق و جارید کۆشنەر Berat Albayrak und Jared Kushner پێکەوە رێکبوون.

## راگەیاندنی ئاشکرا لەبایدنەوە

دەسەڵاتەکەی ئەردۆگان لە ژێر سەرۆکایەتی بایدندا هەرەشەی لێدەکرێت، بردنەوەی بایدن لە تێروانینی ئەنکەردا بەکارەساتێکی گەورە دادەنرێت، لەوانەشە ئەردۆگان خۆی روو بەرۆبیێتەوە پێش هەڵبژاردن. بایدن لەباسی سیاسەتی دەرەوەدا شاراوانە دەدوا، بەڵام کاتێک باسی تورکیای دەکرد بەئاشکرا دەریدەبری. بۆ نموونە،کاتێک باسی رۆژ هەڵاتی ناوراست و دەریای سپی ناوەراستی دەکرد،کە ئەردوگان هێزی دەریای و ئاسمانی بەکاردەهێنێت دژی یونان و کوبرس، لە کێشەی نەوت و گازدا. لە مانگی ئۆکتۆبەردا بەیان نامەیەک لە لایەن تیمی هەڵبژاردنی بایدنەوە بڵاوکرایەوە،کە پێچەوانەی ترەمپ دەڵێن: دژی سیاسەتی تورکیاین کە یاسا نیودەوڵەتیەکان پێشێل دەکات، تورکیا وەک ئەندامێکی ناتۆ کار ناکات، رۆژانە ئاسمانی یونان دەبەزێنێت، بۆیە بایدن لەگەڵ یونان‌دا کاردەکات بۆ هێنانەدی ئاشتی لە دەریای سپیدا. هەمیشەش دژی داگیرکردنی کوبرس بووە لەلایەن تورکیاوە، هەروەها دژی گۆرینی کەنیسەی ئایاسۆفیای ئەستەمبوڵ بوو بە مزگەوت، خۆشەویستی بایدن بۆ دژەکەی تورکیا کە یۆنانە لەوە زیاترە، لەکاتی هەڵبژاردنی 2012دا بایدن خۆی بە خەڵکی یونان دایە ناسین، لای یونانیەکانی ئەمریکا وتی؛ من جۆ بایدن و لوسم. تاقیکردنەوە قورسەکان، ئەرمینیاو دادگایکردنیHalkbank هەڵک بانک... مێژووی بایدن پرە لەکێشە بۆ ئەردوگان، تەنها مەسەلەی ئەرمینیاو هەڵک بانک نیە، بیرمانە کاتێک بایدن راوێژکارێکی نزیکی باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا بوو، لە گەڵ کوردا هاوپەیمانیەتی بەست، سەرۆکی تورکیا ئەردوگان دەیانجار نارەزایەتی دەردەبرِی و شکاتی لە پرچەک کردنی YPG کە سوپای کوردەکان بوو دەکرد.کوردەکان شەری داعشیان دەکرد و هاوپەیمانی ئەمریکا بوون، ئەردوگان دژیان بوو، دەیوت ئەمریکا چەک بە رێکخراوێکی تیرۆرستی دەدات، تا دژ بەتیرۆرستێکی

تر شەر بکات. ئەوکاتە بایدن جێگری سەرۆکی ئەمریکابوو، ئەردۆگانی بەوە تۆمەتبار دەکرد، کە هاوکارو دروستکەریی داعشە، ڕێگای کردۆتەوە لە ژمارەیەکی زۆریی شەرکەرانی ئیسلامی لە تورکیاوە بپەڕێنەوە بۆ شەڕیی سوریا و عیراق.لە گەڵ ئەوانەشدا دوو کێشەی تر لەنێوان ئەنقەرەو واشنتۆندا هەیە، لە ڕۆژمێری هەردوولادا خۆیان مەلاس داوە بۆ تەقینەوە، کە 24/4/ 2021 ڕۆژی کۆمەڵکوژی ئەرمەنیەکانەو چاوەڕێ دەکرێت لەو ڕۆژەدا بتەقێتەوە و ڕەشەکوژی ئەرمەنیەکان، بەکۆمەڵ کوژ(جینوساید ) بناسێنرێت. بایدن لە مانگی ئەپریلی ئەمساڵدا بەڵێنیدا گەربێت و لەهەڵبژاردندا سەرکەوێت، ئەوا ئەو کۆمەڵکوژیە بەجینوساید دەناسێنێت، تورکیا هەوڵدەدات کە ڕێگری لەمە بکات.گەر بایدن کردی ئەوا کێشەی تورکیا زۆر قوڵتردەبێتەوە. تاقی کردنەوەیەکی تری بایدن گەر بتوانێت خۆی ڕاگرێت لە دژی تورکیا، بایدن دیسانەوە بەڵێنیدا گەر بێتو لە هەڵبژاردندا دەرچێت، ئەوا لەیەکی مانگی مای 1921 وە لە ڕۆژانی داواتردا، دادگایکردنی بانکی خەڵکە ( Halkbank ) کە تورکیا دژی سزاکانی ئەمریکا وەستایەوەو لەگەڵ ئێراندا بازرگانی دەکرد، هەلک بانکی تورکی بە ئاگاداری ئەردوگان و زاواکەی بەیراق کە وەزیری ئابووریە لەگەڵ ئێراندا بازرگانی کردوە، بازرگانێکی ئێرانی بەناوی ڕەزا زەراب کە زیندانیە لەئەمریکا لەدادگادا، شایەتیداوە کە ئەردوگان و زاواکەی بەیراق ئاگاداری ئەم بازرگانیەن، لەگەڵ ئێراندا وە ڕەزامەندبوون. دەوترێت کە ئەردوگان زۆر قەرزاری ترەمپە کە نەیهێشت سزا بەسەر بانکی خەڵکی تورکیادا بسەپێنرێت کە بانکێکی دەوڵەتیە. پارێزەر ڕودوڵف جولیانی پارێزەری هاکان ئەتیلای مدیری ( Halkbank) بوو، کە سزای 32 مانگ درابوو، لەهاوینی 2019 دا توانی کە پاش دوو ساڵ لە زیندانیکردن لە ئەمریکادا ئازادی بکات. پێناچیت کە بایدن وەک ترەمپ سۆزی بۆ ئەردوگان هەبێت و ڕێگە نەدات دادگا سزا بەسەر بانکی خەڵکدا بسەپێنێت، ئەمەش لە کێشەیەکی بانکیەوە دەبێتە کێشەیەکی سیاسی و ناوی ئەردوگان و زاواکەی دێتە ناو ناوان.

بایدن دەیەوێت هەنگاو دژی ڕووسیا هەڵبگرێت، هەروەها سزاکانی کۆنگریس بسەپێنرێت بەسەر تورکیادا لە تۆڵەی کرینی مووشەکی دژە فرۆکەی 400 -S. لە پەنتاگووندا دەوترێت کە بەکارهێنانی جیهازی ڕووسی دەبێتە هۆی کێشە بۆ ڕادارو فرۆکەی ئەمریکی و ناتۆ وەکێشە بۆ دۆستەکانیان دروست دەبێت لە ئەوروپادا. بایدن پێچەوانەی ترەمپ دژی دەسەڵاتی ڕووسیە لە جیهاندا، لەهیچ شوێنێکیشدا دەسەڵاتی ڕووسی جێگەی نیە، وەک لە ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا هەیەتی.

تورکیا دۆستێک و هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکایە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینرێت، ئەردۆگان وردە وردە دەیەوێت بەلای مۆسکۆدا بڕوات، بێگومان دەبێت بایدن پێچەوانەی ئەمە کار بکات و نەهێڵێت. بایدن و ئەردوگان ڕوو بەڕوو یەک دەناسن، ساڵی 2016 بایدن و ئەردوگان یەکتریان بینی، کاتێک ئوبامای سەرۆکی ئەمریکا، بایدنی جێگری نارد بۆ ئاشتکردنەوە و نەهێشتنی نیگەرانیەکانی ئەردوگان، چوونکە واشنتون درەنگ دژایەتی خۆی دژ بە کودەتا چیەکان دەربڕی، تورکیا لەمە نیگەران بوو. هەندێک لە چاودێران لە تورکیا دەڵێن بەیراک زاواکەی ئەردوگان خۆی وازی نەهێناوە، بەڵکوو وازی پێهێنراوە. بۆ ڕازیکردنی دەسەڵاتی تازەی ئەمریکا، هیوایەکیش هەیە کە ئەردوگان هەندێک لەگیراوە سیاسیەکان ئازاد بکات، بۆ هەمان مەبەست واتە دڵ نەرمکردنی ئەمریکا.

### ئامانج بەزاندنی ئەردۆگانە

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەنقەرە بەداخە بۆ بردنەوەی بایدن، نوێنەرێکی نە ناسراوی حوکمەتی تورکیا بە کەناڵی جزیرەی ڕاگەیاند، هەمووان لە تورکیا لە دڵە ڕاوکێ و بێزاریدان لەترسی سزاکانی ئەمریکای تازە. دەڵێت لە ڕاستیدا هەڵبژاردنی بایدنمان پێخۆشنیە، ئەردوگان پیرۆزبای لە بایدن کرد پاش ئەوەی هەموو سەرۆکی وڵاتان و حوکمەتەکانی تر لێیانکرد. دەڵێت کە سەرکەوتن بەسەر هەموو جیاوازیەکانی نێوان ئەردوگان و بایدندا زۆر قورسە. کۆمپانیای هەڵبژاردنی بایدن دژی ترەمپ لەڤیدیوکەدا دەڵێن: ترەمپ باوەش بەدیکتاتورەکاندا دەکات و ناوی ئەردۆگان دەهێنین. ئەم ڤیدیویە ڕۆژنامەی نیورک تایمز لەدیسەمبری 2019دا بڵاویکردەوە. بایدن لەدژی ئەردوگان دەڵێت: پێویستە واشنتۆن هاوکاریی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا بکات تا ئەردۆگان بەزێنین و سەرکەون.بایدن دەڵێت: دەبێت لەگەڵ ئۆپۆزسیون و هەندێک لە سەرکردەکانی تورکیا گفتوگۆ بکەین تا بتوانین ئەردوگان ببەزێنێن، بەزاندن لەڕێگەیهەڵبژاردنەوە، نەک بە کودەتا. ئەم وتەیەی بایدن وا دەکات هەندێک کەس لە تورکیادا لەگەڵ بایدن لەسەر ئەم ڕێگە چارەیە گفت و گۆ بکەن. بێگومان ئەو بۆچوونە بناغەیەک نابێت بۆ گفتوگۆ لەگەڵ سەرۆک ئەردۆگاندا.

# مانگی سێ ڤاکسینی کۆرۆنا دەگاتە هەرێم..




**لەبەر گرنگی ئەم بابەت روخسەتمان لە ماڵپەری زەمەن وەرگرت و وەک خۆی بڵاومان کردەوە.**

بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی ئاشکرای دەکات، دوای ئەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڤاکسینی کۆرۆنای پەسەند کرد، بەشی20% دانیشتوان دەدرێت بە عێراق لەو ڕێژەیەش بەشی هەرێمی کوردستان دەدرێت. دکتۆر خاڵس قادر، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی تەندروستی، لەم چاوپێکەوتنەیدا لەگەڵ"زەمەن" باس لە کەمبوونەوەی ڕێژەی تووشبوون بە کۆرۆنا دەکات و جەختدەکاتەوە لەگەڵ بەردەوامی خۆپارێزییەکان و گەیشتنی ڤاکسینەکەدا دەگەنە حاڵەتێکی ئارام و ترسی کۆرۆنا نامێنێت. سازدانی: سەرچین ساڵحزەمەن: بەشێک لە وڵاتان دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی ڤاکسین، وەکو وەزارەتی تەندروستی چیتانکردووە بۆ دەستکەوتنی ڤاکسینەکە؟

خاڵس قادر: لە هەوڵی بەردەوامداین گەیشتوینەتە ئەو ڕێککەوتنەیش لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی عێراق، ئەوانیش رەزامەندن لەسەرئەوەی هەرکاتێک ڤاکسین گەیشتە عێراق بەشی ئێمەیشی تێدا دەبێت وەکو هەرێمی کوردستان و لەوە دڵنیاین. لەبەرئەوەی ڤاکسین بەشێوەی مەرکەزییە عێراق لە دەستەی کۆڤاکس کە دەستەیەکی نێودەوڵەتییە بۆ دابەشکردنی ئەو ڤاکسینانەی کە دروستدەکرێت بۆ کۆرۆنا ئەندامە لەو دەستەیەدا، ئەوانیش رەزامەندی دەستەکەیان وەرگرتووە بەشی20% دانیشتوانی عێراق ڤاکسین بدرێت بە عێراق، لە هەوڵی خۆمان بەردەوامین عێراقیش لەسەر خەتە لەو کاتەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دانەدنێت بە سەلامەتی و کاریگەری ئەو ڤاکسینانە گرێبەستی کرینەکە ئەنجامبدات و بگاتە عێراق و دواتر بگاتە هەرێمی کوردستان. زەمەن: دوای ئەوەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی پەسەندی کرد ماوەی زۆری پێدەچێت تا دەگاتە عێراق؟

خاڵس قادر: بە دڵنیاییەوە کاتی پێویستە، ئێمە پێشبینی دەکەین بۆ مانگی سێی ساڵی داهاتوو بگاتە عێراق.

زەمەن: خەمڵاندنتان چۆنە هەرێم چەند دانەی پێویستە؟

خاڵس قادر: جارێک دیار نییە بەپێی ئەو بڕەی عێراق دەیکرێت بەشی هەرێمی لێدەدات هێشتا ئەوە دیار نییە.

زەمەن: هەرێم لە بەرامبەر وەرگرتنی ڤاکسینەکە لە عێراق پارەدەدات یان بێ بەرامبەرە؟

خاڵس قادر: نا بە خۆراییە.

زەمەن: ئەی ئێوە بە پار دەیدەدەن بە هاوڵاتیان یان بە بەلاش؟

خاڵس قادر: ئێمەیش بە خۆرایی دەیدەین بە هاوڵاتیان.

زەمەن: بەچ شێوەیەک لە خەڵکی دەدەن، بەپێی ریزبەندی تەمەن یاخود هەموو چینەکان دەگرێتەوە؟

خاڵس قادر: بە ئەولەویەت دەبێت، ئەولەویەت بۆ ئێمە بۆ کارمەندانی تەندروستی و پزیشکانە، بۆ ئەو کەسانەیە کە نەخۆشی درێژخایەن و بەتەمەنن کە مەترسی توشبونی ڤایرۆسەکەیان لەسەرە.

زەمەن: پێشبینیتان بۆ دۆخی کۆرۆنا تا بەهار چۆن دەبێت، بەرزدەبێتەوە یان دادەبەزێت؟

خاڵس قادر: قورسە پێشبینی کردن لەبەرئەوەی ڤایرۆسەکە سیفەتێکی وای هەیە چاوەڕوان نەکراوە، لەناکاو زیاد دەبێت و کەم دەبێت، پێمانوایە خۆپارێزی خەڵک گرنگە و پێویستە بەردەوام بێت، لەبەرئەوەی بە خۆپارێزی لەوانەیە بتوانین سەلامەتتر ئەو باروودۆخە تێپەڕێنین، لەگەڵ ئەوەشدا خێراکردن لە بڵاوکردنەوەی ڤاکسینەکە و زوو پێگەیشتنی، پێمانوایە هاوکارییەکی باش دەبێت بۆئەوەی لە مانگی سێدا بگەینە حاڵەتێکی ئارام کە ترسی کۆرۆنامان لەسەر نەمێنێت.

زەمەن: ئەو کەمبونەوەیەی توشبوانی رۆژانە، مانای ئەوەیە مەناعەی گشتی دروستبووە، یان چی؟

خاڵس قادر: ناتوانین وا تەفسیری بکەین بڵێین مەناعە دروستبووە، بەڵام بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە ڤایرۆسەکە لە شەپۆلێکدا هەڵدەکات هەر ماوەی مانگێک بۆ مانگ و نیوێک بە قورسی دەمێنێتەوە، لەگەڵ پابەندبونی خەڵک و داخستنی زانکۆ و خوێندنگاکان و ڕێگریکردن لە گردبونەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانە کاریگەری هەبووە لەسەر کەمبونەوەی ڤایرۆسەکە.

زەمەن: تەنها 100 هەزار توشبوو تۆمارکراوە بەفەرمی، بە تەقدیری ئێوە ئەو توشبوانەی تۆمارنەکراون لە کۆی گشتیدا دەتوانین بڵێین چەند سەد هەزار کەس توشبووە لە چوار پارێزگاکەی کوردستان؟ **بۆ ل ٥**

**پاشـماوەی ل ٤...** خـاڵس قـادر: بە خەمڵانـدن دەبێـت لەسـەر کـاری پەتازانی قسە بکەین کە رەنگە نۆ ئەوەندەی تـر هەبووبێـت، کە عـادەتەن خەمڵاندنی بۆ دەکرێت لە وڵاتان، پێدەچێت نـزیکەی 900 هەزار کەس لە هەرێم توشی کۆرۆنا بووبێت.

زەمەن: جیاواز لە پارێزگاکانی تر، مردن لە سلێمانی بەرزبوو، بەڕای ئێـوە ئەگەر بەراشکاوانە پێمابڵێت هۆکارەکە چی بوو؟

خـاڵس قـادر: هۆکـارەکەی بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە درەنـگ دەچـن بـۆ نەخۆشخانە، کاتێک دەچـنە نەخۆشـخانە لەسـەر مـردنن، قەرەبـاڵغی زۆر تووشبوون ئەمەش هۆکارێکی ترە بـۆ مـردن، یەکێکـی تـر لە هۆکارەکـان خەڵـک خـۆی لە مـاڵەوە چارەسـەری خـۆی دەکـرد لە رێـگەی خەڵـک و فەیسبوکە چارەسەری وەردەگرت ئەمەش وای دەکرد زۆر وەزعیان خـراپ ببێت و نەتوانن بگەنە نەخۆشخانەکان.

زەمەن: ئەی کەمتەرخەمی ئیدارەدانی تەندروستی لە شارەکە چەند هۆکارە؟

خاڵس قـادر: دەتـوانین بڵێـین نەبـووە ئەگەر ئامـاژە بەوە بکەیـن یەکەم تواناکـانی نەخۆشـخانەکان چۆنبـووە، ژمـارەی بێـدەکان زیـاتر کـراوە، نەخۆشخانەی زیـاتر و پزیشـکی زیـاتر بـۆ نەخۆشـییەکە تەرخـانکراوە ئەوەی لە توانـانی بەڕێـوەبەرایەتییە گشـتییەکاندا بێـت کردویـانە، بەڵام هەندێک شت هەیە بەدەست نیە بۆنمونە پزیشکی پشپۆڕی سرکردن کەمە ئەمەش شتێک نیە بتوانی بەردەستی بخەیت یان لە وڵاتان بهێنرێت.

## هێمن

چوومە لای دوکتۆر و گوتی نەخۆشی دەردەکەت سەختە
گوتم: تۆ پێت وایە دەمرم؟ بەداخەوە، گوتی: وەختە
***
ئەو دڵەکوتەی گرتووتە پیاوی بەهێزیش بیگرێ
بێتوو ئاگای لە خۆی نەبێ هێندە پێ ناچێ دەمرێ
***
پێکەنیم و گوتم دوکتۆرا! ناڵێم زانا و شارەزا نی
بەڵام تۆ پزیشکی ویشکی باری دڵداری نازانی
***
دڵەکوتەم نییە، دڵم جێی کیژێکی خانومانە
منداڵە، ئۆقرەی ناگرێ بۆم دروست کردووە جۆڵانە

## رووسورەکانی مێژو: کاکە حەمەی حاجی سەعید



رۆحەگرگـرتووکەی چوارتـاو شـاربـاژێرو سـلیمانی، گیانێک لەڕووبەڕووبوونەوەو پەلامار و پێشـمەرگەیەک لەیاخی بوون و تۆڵەی پیرۆز.

- کاکە حەمە لەساڵی ١٩٦٣ لەسەرسیر لەدایـک بـووە لەنزیک چوارتا.

- لەساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کـردووە بەرێکخسـتنەکانی کۆمەڵەی رەنجـدەرانەوە لەچوارتـا، نـاوی رێکخسـتنی حەمەجوتیار بووە.

- لەساڵی ١٩٨١ کە قوتابی یەکی دوا ناوە ندي بـووە لە ئامادەیی سەلاحەدین لەسلێمانی ، لە رێکخسـتنەکانی ناوشاردا ئاشکرا بووەو ، بۆتە پێشمەرگە سـەرەتا بە حەمە رەشاش و دوایی بەحەمەی حاجی سەعید ناسـرا بوو. لەژیانی پێشمەرگایەتی دا زیـاتر لە ٧ جار زامـدار بووە ، لەتیپەکانی ٣١ ی سلێمانی و ٥٧ ی سەگرمەو ٣٧ ی شـاربـاژێرو مەکـتەب عەسـکەری پێشـمەرگە بـووەو ، پێشــمەرگەیەکی پــارتیزان لەنــاوچە جیاجیاکــان و ، بەشداری هەموو شەڕە بەرەیەکـانی سـیوەیل و ئـالان و شــاربـاژێری کــــردووە ، بەیەکێــک لەکــادرە هەرە سەرکەوتووەکانی شەڕی بەرەیـی جەبهەیـی ناسـرا بـوو ،دواجارجێگری تیپی ٣٧ ی شارباژێر بـووە ، نمـوونەی پێشمەرگەو مرۆڤی تێکۆشەرو ئـازایەتی و پـاکی جـوانی بووەبەداخەوە لە هـاوار لەنـاوچەی هەڵەبـجە لە ١٦-٣-١٩٨٨ چووە کاروانی نەمرانەوە یادو یادەوەری بەخێـر ، درورد بۆ حەمەکان.

# ئایا 2020 خراپترین ساڵ بوو؟




به سوپاسەوە لە ماڵپەڕی "زەمەن" وەرگیراوە

بۆ زۆربەی خەڵک 2020 ساڵێکی پڕ کارەسات و نەهامەتی بوو، سەرەتای ساڵ بە پەتایەکی گەورە دەستپێکرد ئەوەش وایکرد هەندێک بڵێن ئەمە خراپترین ساڵە لە مێژوودا، بەڵام تۆماری مێژوو دەریدەخات کە جیهان چەند ساڵی خراپتری بینیوە، بۆیە ڕەنگە دەبێت سوپاسگوزار بین بۆ ئەوەی کە ئێمە تێیداین.

با سەیری خراپترین ئەو دۆخانە بکەین کە لە ساڵی 2020 دا هەبوون و بەراوردیان بکەین بە ساڵانی تر.

پەتای کۆڤید-19 بەپێی ئەو ئامارانەی لە زانکۆی جۆنز هۆپکینسەوە بڵاوکراونەتەوە تاوەکو 17ی کانونی یەکەم زیاتر لە 74,5 ملیۆن کەس تووشی کۆرۆنابوون، هەروەها زیاتر لە 1,6 ملیۆن کەسیش مردوون.بەڵام پەتای کۆڤید - 19 خراپترین پەتا نەبوو کە جیهان بینیبێتی، بەڵکو لە مێژوویدا ترسناکترین و کوشندەترین پەتا هەبوو . "مەرگی ڕەش یان تاعون" ترسناکترین و خراپترین پەتا بووە کە بڵاوبوەتەوە، بووە هۆی مردنی 25 ملیۆن کەس لە ئەوروپا و نزیکەی 200 ملیۆن کەس لە جیهاندا دوای ئەوەی لە ساڵی 1346 دا بڵاوبووەوە.گەشتنی دۆزرەوە ئیسپانی و پرتوگالیەکان, لە ساڵی 1520ەوە بووە هۆی گواستنەوەی نەخۆشی ئاوڵە بۆ ئەمریکا، بەو هۆیە 60 بۆ 90% ی خەڵکانی ڕەسەنی ئەو دوو کیشوەرە مردن.

ئەنفلوەنزای ئیسپانی لە ساڵی 1918 دا بە هەموو شوێنێکی جیهاندا بڵاوبووەوە ئەوەش پاش گەڕانەوەی سەربازانی جەنگی جیهانی یەکەم بۆ وڵاتەکانیان و بەو هۆیەشەوە نزیکەی 50 ملیۆن کەس مردن، ئەوەش هاوتای 3 بۆ 5% دانیشتوانی جیهان بوو لەو کاتەدا. لە سەرەتای دەرکەوتنی نەخۆشی ئایدز لە ساڵی 1980 وە بووە هۆی مردنی زیاتر لە 32 ملیۆن کەس .

2020 زۆر کەس کارەکانیان لەدەستداوە. کاریگەری ئابووری پەتاکەی کۆڤید - 19 زۆر توند بووە و کاریگەری نەرێنی لەسەر بژێوی خەڵکی جیهان دروست کردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی بێکاری بەهۆی ئەو پەتایەوە نەگەیشتە ئەو کەسانەی کە جیهان ئەزموونیان کردووە لە نێوان ساڵەکانی 1929 بۆ 1933 . ساڵی 1933 ساڵێکی زۆر خراپ بوو لە ئەڵمانیا کە لەو کاتەدا سێیەکی دانیشتووانەکەی کارەکانیان لە دەست دا، بارودۆخی ئابووری خراپ بوو، ئەوەش هاوکار بوو لە هاتنە سەر کاری هیتلەر.

نەمتوانی هاوڕێکانم ببینم لە ساڵی 2020

گومانی تێدا نییە، کە ئەمساڵ زۆربەی خەڵک لە وڵاتانی جیهان ناچاربوون زۆربەی کاتەکانیان لە ماڵەکانیان بەسەر ببەن و لە بینینی خۆشەویستان و دۆستەکانیان بێبەشبوون. بەڵام لە ساڵی 536 دا، زۆربەی دانیشتوانی جیهان تەنانەت نەیانتوانی ئاسمان ببینن. بەپێی وتەی مایکل ماککۆرمیک، مێژوونوس و شوێنەوارناسی هارڤارد، لەو ساڵەدا تەمێکی سەیر ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پارچەکانی ئاسیای داپۆشیوە، ئەوەش وایکردووە بۆ ماوەی 18 مانگ ئەو ناوچانە بە شەو بە ڕۆژ تاریک بن.

ئەو پێی وابوو کە ئەو ساڵە بە یەکێک لە خراپترین سەردەمەکان " لە ناوچە زۆرو زەوەندەکانی گۆی زەویدا لەلایەن مرۆڤەوە ئەزموون کراوە .

هۆکاری ئەم تەمومژە بۆ تەقینی بورکانی گەورە لە ئایسلەندا یاخود ئەمریکای باکور دەگەڕێتەوە، کە بووە هۆی بڵاوبونەوەی دووکەڵ لە نیوەگۆی باکوری زەوییدا. نەمتوانی چێژ لە گەشتێک وەربگرم لە دەرەوەی وڵات لە ساڵی 2020 دا

2020، ساڵێکی زۆر ناخۆش بوو بۆ کەرتی گەشتیاریی جیهانی. بەڵام ئەگەر هەستت بەوە کردووە لە ماڵەوە بەندکرابیت، نەتوانییێت گەشت و گەڕان بکەیت، ڕەنگە ئەمە بوویێتە هۆی ئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە باو باپیرانت چۆن ژیاون.بەڵام لە مێژوودا مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی کۆتوبەندی توند بووەتەوە بەهۆی سەرما.... بۆ ل ٧

و وشکەساڵیەوە کە دەیان هەزار ساڵی خایەند، کە بە "ئیزۆتۆپی دەریای تیشکدەر - قۆناغی شەش" ناسراوە، دەستی پێکرد. هەندێک لە زانایان، لەوانە پرۆفیسۆری شوێنەوارناسی کورتیس ماریان لە پەیمانگای بنەچەی مرۆڤ، لەو بڕوایەدان کە وشکەساڵیی جیهان لەو کاتەدا خەریک بوو بە تەواوی رەگورپیشەی مرۆڤایەتی لەناو ببات.
ئەو دەڵێت: مرۆڤ لەو سەردەمەدا خۆی رزگار کرد دوای ئەوەی پەنای برد بۆ پارچە زەوییەک لە کەناری باشووری کیشوەری ئەفریقا بە ناوی " باخچەی عەدەن" کە لەوێ فێر بووە پشت بە ماسی و ژیانی دیکەی دەریایی ببەستێت بۆ خواردن.

تەقینەوەیەکی گەورە بەندەری بەیرووتی لە ساڵی 2020 دا وێران کرد ئاگرکەوتنەوەیەکی بەرێکەوت لە کۆگایەک کە نزیکەی 2750 تەن لە ئاوی ئامۆنیوم نیتراتی تێدا بوو، لە 4ی ئابدا تەقینەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە کە نزیکەی 190 کەس کوژران و زیاتر لە 6 هەزار کەسی دیکەش برینداربوون . شارەزایان دەڵێن تەقینەوەی بەندەری بەیروت یەکێک بووە لە گەورەترین تەقینەوە نائەتۆمییەکانی مێژوو، کە بە گەورەیی 1000 تەن تی ئێن تی بووە، پێنج یەکی ئەو بۆمبە ئەتۆمییە بوو کە ئەمریکییەکان لە ساڵی 1945 دا بەسەر شاری هیرۆشیما-ی ژاپۆنیدا رژاندیان.
لەگەڵ ئەوەشدا لە دیسەمبەری 1984 دا لە شاری بۆبالی هیندی، دزەکردنی تیشک لە کارگەیەکی دروستکردنی ماددە کیمیاوییەکاندا بووە هۆی خولقاندنی یەکێک لە ترسناکترین کارەساتە پیشەسازییەکانی مێژووی هاوچەرخ.
حکومەتی هیندستان دەڵێت: نزیکەی 3500 کەس لە ماوەی چەند رۆژدا گیانیان لە دەست داوە، لە کاتێکدا زیاتر لە 15 هەزار کەس لەو کاتەوە بەهۆی نەخۆشی کوشندەی سییەکانەوە گیانیان لە دەست داوە .کاریگەرییەکانی ئەو هەورە کوشندەیە کە شاری بوباڵی داپۆشیبوو دەیان ساڵە بەردەوام بووە.

لە ساڵی 2020 دا نزیکەی 3 ملیار ئاژەڵ گیانیان لەدەستداوە یان رایانکرد، لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوە لە ئوسترالیا. دارستانە گەورەکەی ئوسترالیا لەهاوینی رابردوو گڕی گرت، جگە لە کوژرانی لانیکەم 33 کەس، بووە هۆی لەناوچوونی بەرفراوانی ئاژەڵەکانی کیشوەرەکە .گەڵ ئەوەشدا لە ئەیلولی 1923 دا بوومەلەرزە چەندین ئاگری گەورەی لێکەوتەوە کە بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە 140 هەزار کەس لە ژاپۆن.

**هەواڵی خۆش**

پێدەچێت لە زۆر رووەوە ساڵی 2020 ساڵێکی زۆر سەخت بووبێت، بەڵام هەندێک دیوی هەیە جێی دڵخۆشیە، بەرزبونەوەی بەشداری سیاسی ئافرەتاندا لە 2020 دا روویدا، ژمارەی ئەو وڵاتانەی کە ژنان سەرۆکایەتیان دەکەن 20 دەوڵەتە، بە بەراورد لەگەڵ 1995 زیادیکردووە کە ئەو کات 12 دەوڵەت بوو.
راپۆرتێکی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئاشکرایدەکات، کە نوێنەرایەتی ژنان لە پەرلەمانەکانی جیهاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوەتەوە و گەیشتووەتە لەسەدا 25 ی سەرجەم کورسیەکانی پەرلەمان .
هەر ئەمساڵیش بوو، کە کامالا هاریس وەک یەکەم ژن هاتە ناو مێژووەوە، تەنانەت یەکەم رەشپێستی بە رەگەز هیندی بوو چووە ناو کۆشکی سپییەوە.
ساڵی 2020 بۆ بواری ژینگە ساڵێکی سودبەخش بوو، چەندین کۆمپانیا بەڵێنی کەمکردنەوەی دەرچوونی کاربۆنیان داوە، ئەو بەڵێن و پەیمانانەی کە حکومەت و دامەزراوە خۆجێیەکان لە ساڵی 2020 دا دایانناوە، دوو هێندە زیاد یان کردووە.
ناسا لە مانگی ئۆکتۆبەری رابردوودا رایگەیاند کە مانگ ئاوێکی زیاتری تێدایە لەوەی پێشتر بیری لێدەکردەوە پەرەسەندنێک کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەردەوامی گەشتە ئاسمانیەکانی داهاتوو بۆ سەر مانگ.

# بەرزانی پەیکەرتاش: سلێمانی بوە بەزبڵخانەی پەیکەر



ئا: ئاوێنە

بەرزانی پەیکەتاش، رەخنە لەحکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان دەگرێت کە فلتەرێکیان دانەناوە بۆ دانانی پەیکەر لەشەقامو گۆرەپانو باخچەکان، ئەو دەڵێت "تا دێ بەهەرەمەکی ژمارەی پەیکەری ئاست نزمو نەشیاو لەشوێنە گشتییەکان زیاتر دەبێت، سلێمانی بوە بەزبڵخانەی پەیکەری دزێوو ناشیرین".

بەرزان زاهیر، کە بە"بەرزانی پەیکەرتاش" ناسراوەو چەندین پەیکەری دیاری دروستکردوەو لەڕابردودا لەسەر دروستکردنی ئەو پەیکەرانەی هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، بەحەسرەتەوە باس لەوە دەکات کاتێک کە گەشتیاران دێنە شاری سلێمانیو سەیری پەیکەرەکانی دەکەن، هەست دەکەن بەهایەکی ئەوتۆیان نییە لەبەرئەوەی بەفلتەرێکدا تێنەپەڕیونو زۆربەیان لەبەرژەوەندی حزبە سیاسییەکان دروستکراون، ئەو وتی "ئەگەر سەیر بکەیت لەسلێمانیو هەولێریش، زۆرێک لەپەیکەرەکان پەیکەری فلانە شەهیدو فیسارە شەهیدە، بەڵام شەهیدەکان لەسەر سەرمان، ئەوان دەبێت لەگۆرەپانێکدا مۆنەمۆنتێکیان بۆ بکەینەوەو پەیکەریان بۆ بکەین نەک پەیکەری ئەوان گۆرەپانو شەقامو ناو شارەکان پڕ بکەن". وتیشی "خۆم پەیکەرێکم داناوە بۆ شەهید ئارام لەبەردەم باخی گشتیدا لەبەرئەوەی شەهیدێکی سەرکردەیە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئێمە هەستین وەک رژێمە فاشییەکانو حزبی بەعس سەرکردە حزبییەکانمان تەقدیس بکەینو لاساییان بکەینەوە".

بەرزان کە یەکەم پەیکەری بەردی لەمێژوی کوردستاندا دروستکردوەو لەمێژوی سلێمانیشدا یەکەم پەیکەری برۆنزی گەورەی بەناوی "بەرخودان" بۆ شەڕڤانانی کوبانی دروستکردوە، جەغت لەوە دەکات پەیکەر لەهەر شوێنێکی کوردستاندا دابنرێت دەبێت بەفلتەرێکی ئەکادیمیدا بڕوات، ئەو وتی "ناکرێت هەر پەیکەرتاشو پەیکەرسازە کەسێک بێت بەسپۆنسەریو پەیکەرێکی بە بەهایەکی کەمو بەماتریاڵێکی لاواز کە ماوەی دو ساڵ بەرگەی مانەوە ناگرێ دروست بکاو پاشان بارانو سەرماو گەرما دایڕزێنێو ناچار بن لایبەن".

وتیشی "بەردەوام ئەم پەیکەرانە لەسەر خواستی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ ئامانجێکی سیاسی بپێکنو سپۆنسەری ئەو هونەرمەندە پەیکەرسازە دەکەن، بۆیە من داواکارم لەهونەرمەندە پەیکەرسازەکان دوای ئامانجی سەرمایەو پارە نەکەون، بەڵکو دوای ئامانجی کلتوریو مێژو بۆ ئەم وڵاتە بکەون".

بەرزان سەرسورمانی خۆی بەرامبەر بەوە دەردەبڕێت ئێستا هەر کەسێک ئەمرۆ دەمرێ بەیانی پەیکەرێکی بۆ دروست دەکەن کە پێویست نییە، ئەو وتی "ئەی باشە ئەو پارەیەی لەپەیکەرەکەدا خەرجی دەکەن بۆچی لەزیندویەتیدا پێتان نەدا، بۆ نمونە جەنراڵی پایز بۆچی خۆی خنکاند؟ بۆچی تا زیندو بو خزمەتمان نەکرد؟ بۆچی تا زیندوە نایەی نەیەڵی ئەم نوسەرو ئەدیبو شاعیرو رۆشنبیرانە لەغەمو مەراقدا نەژین؟".


بەرزان نارەزایی بەرامبەر بەوەش دەردەبڕێت کە سلێمانی بەشێوەیەکی هەرەمەکی پڕ کراوە لەپەیکەر، ئەم پەیکەرانە زۆربەیان لەئاستێکی بەرزدا نینو بەبڕوای ئەو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی حکومەت کە هیچ فلتەرێکی بۆ ئەم کارانە دانەناوەو نەیتوانیوە رێکخراوێک یان گروپێکی هونەری پرۆفیشناڵ دروست بکات تا ئەرکی رێکخستنی ئەو کارە لەئەستۆ بگرێتو کاری پەیکەرتاشی بەرێکاریی ئەکادیمیدا بڕوات، تەنانەت لەکۆلیجی هونەری زانکۆی سلێمانیش بەشی پەیکەرتاشیان نییە، ئەو وتی



"ئەمە وایکردوە سەرمایەدارەکان ئەو هەلە بقۆزنەوە، چونکە دەزانن دەسەڵات فریای ئەوە ناکەوێ بودجەیەک بۆ ئەو کارە تەرخان بکات، تەنانەت ناتوانێ موچەش دابەش بکات، لەبەرئەوە سەرمایەدارەکان دێن بۆ نمونە یەکێکی وەک من بانگ دەکەنو دەڵێن وەرە پەیکەری مەولەویم بۆ بکە، من بیری لێدەکەمەوە پەیکەرێکی سێ مەتری برۆنز بێت 40 هەزار دۆلاری تێدەچێت، سەرمایەدارەکە ئامادە نییە ئەو برە پارەیە بدات، دەشزانێ هونەرمەندەکەش پشتیوانی نییە لەلایەن حکومەتەوە، لەبەرئەوە بەبڕێک پارەی کەمو ماتریالێکی لاواز پەیکەرەکەی پێیدەکاو دەڵێ من پێنج ملیۆن دینارت ئەدەمێ، کە زۆر کەمە، هونەرمەندەکەش ناچارەو هیچ کارو کاسپیەکی نییە رازی دەبێتو سێ ملیۆنی دەدات بەکەرەسەکانو دو ملیۆن دیناری بۆ دەمێنێتەوە، بەمەش کوردستان بەگشتیو سلێمانی بەتایبەتی بوە بەزبڵخانەی پەیکەری دزێوو ناشیرین".


ئەم پەیکەرتاشە لەکاتێکدا ستایشی عەتا قەزاز دەکات کە بۆ یەکەمجار لەساڵی 1970 لەشاری سلێمانی پەیکەری شاعیری گەورەی کورد پیرەمێردی دانا، ئاماژە بەوە دەکات هەر پەیکەرێک کە دادەنرێت ساڵانە دەبێت خزمەت بکرێتو نۆژەن بکرێتەوە، بەرزان ئەوە روندەکاتەوە کە ساڵی 1999 لەسەر ئەرکی خۆی پەیکەری پادشای لۆلۆیی دروستکردوە کە کێشەکەی 9 تەنو 800 کیلۆ بوەو بەپارەی خۆی بەردەکەی کڕیوەو لەبەردەم باخی گشتیدا پەیکەرەکەی داناوە کە هێمایەکە بۆ مێژووی کوردو هاوشێوەی ئەو تابلۆیەیە لەشاخێک لەسەرپێلی زەهاو هەڵکەنراوە لەناوچەی کرماشان، ئەو وتی "پانۆرامای سلێمانیشم لەئوتێل سلێمانی پالاس دروست کردوە بە 28 مەتر چوارگۆشە لەبەردی مەرمەڕ کە مێژوی سلێمانی دەگێڕێتەوە، سلێمانی چۆن دروستکراوەو چۆن بوە بەشارو رۆڵی کەسایەتییەکان چی بوە؟ بەداخەوە ئێمە ئەرشیفێکمان نییەو هەمیشە بانگەوازی ئەوەم کردوە کە هونەرمەندو رۆشنبیران مێژوویەک بۆ ئەرشیفی هونەریی خۆیان دروست بکەن".


وتیشی "من یەکێکم لەوانەی لەساڵی 2006 پەیکەری وەلی دێوانەم دروستکرد کە یەکەم پەیکەر بوو لەناوچەی شارەزور دابنرێ، باشە بۆ دەبێت پەروەردەی ئێمە وا بێت کە من دێم پەیکەری شاعیرو ئەدیبێکی کوردەواری دروست دەکەم، هێرشم بکرێتە سەرو هەڵکوتنە سەر ماڵەکەمو خێزانەکەم بەچەقۆ بریندار بکەن؟ تەنانەت کە سپۆنسەرێکم بۆ دروست بو بەناوی ئەرسەلان عەبدولقادر کە یەکێک بوو لەوانەی هاوکاری کردم بتوانم لەناوچەی هەورامان چەندین پەیکەری تر دابنێم، بۆ نمونە پەیکەری شاعیرە هەورامیەکان پێنج پەیکەر بو لەتەوێڵە دامنا، دوای ئەوە پەیکەری مەحمودخانی دزڵی لەخورماڵ، هەڵسان هەڵیانکوتایە سەر کاک ئەرسەلانو کەس نازانێ ئێستا لەکوێیە!".



2013، چونکە شارستانی بردوەتە ئەو ناوچانەو تاریکهۆشان پێیان ناخۆش بوە، ئەو وتی "بەداخەوە دەبو ئێمە بەجۆرێک پەروەردە بکراینایە کە ئالای کوردستان لەهەموو مالێکی ئێمەدا هەلواسرایە، بەلام نەک خۆشەویستیمان بۆ ئالاکەمان نییە، بەلکو رقیشمان لێیەتی، ئەوەی دوژمنانی کورد بەشەق دەیانویست پێمان بکەنو پێیان نەکرا، ئەم دەسەلاتی کوردییە کارێکی کردوە کە بەخواستی خۆمان رقمان لەئالاکەی خۆمانو رقمان لەکلتوری خۆمان بێت".

وتیشی "هەمو ئەوروپام بەنێ بەدینارێک نامەوێ، چەندین داوەتنامەم بۆ هاتوەو من بریاری خۆم داوە هەر لەم ولاتەدا دەمێنمەوەو خزمەتی ولاتو شاری خۆم دەکەم، بەلام بەداخەوە دەسەلاتو حکومەت بۆ پر کردنی گیرفانی خۆیان ولاتیان رەتاندوەتەوە".





بەرزان ئەوەش روندەکاتەوە کە دواتریش کاتێک د.تەها رەسول بوە بەسپۆنسەری روبەروی دنیایەک رەخنە بوەتەوە لەبەرئەوەی هاوکاری ئەمی کردوە، ئەو وتی "بۆچی نابێت گەشتیارێک کە دێتە کوردستان بەپەیکەرەکاندا شوناسی ئێمە بناسێت؟ خۆ ناچێت دەقێک بخوێنێتەوە، پەیکەر زمانی نییەو راستەوخۆ هەمو جیهان لێی تێدەگات، بۆچی ئەو کەسانەی دەبنە سپۆنسەری من هەرەشەیان لێدەکرێت؟ تا ئێستا شەش پەیکەرم لەناوچەی هەورامان شکێنراوەو نۆژەنم کردوەتەوە لەسەر بودجەی خۆم، ئێ باشە دەسەلات تۆ کەسەکانت گرتوە بۆ ئازادیان دەکەیت، کە دانیشیان ناوە بەوەی ئەوان شکاندویانەو نەشیانوتوە پەیکەرتاشەکە وتویانە بەریش بین بت تاشەکە ئەکوژین؟! سپۆنسەرەکەشی ئەکوژین! کە یەکێک لەوانە کاک ئەرسەلان بو"!

بەرزان ئاماژە بەوە دەکات کە هەولێکی زۆری داوە پەیکەر نەک هەر لەناو شارەکان بەلکو لەشارو گوندەکانیشدا دروست بکرێتو لەسەر ئەو پەیکەرانەی کە هێمای کلتورو مێژوی کوردی بون جارێک هاتونەتە سەری مالەکەی لەسالی 2006و خێزانەکەی بەچەقۆ بریندار کراوە، جارێکیش تەقەی لێکراوەو ئوتومبێلەکەی وەرگەراوە لەسالی

# نەخشەیەک بەرد دێنێتە گۆ

نەخشەی کوردستان لە کۆتایی سەدەی ١٩ دا، لەلایەن سوپاسالاری روسیای قەیسەری فلادیمیر کراتسۆف کێشراوە. تەمەنی نەخشەکە نزیکەی ١٣٠ ساڵە.

چەند سەرنجێک لەسەر نەخشەکە:

◈ یەکەم: رووبەری ئەو وڵاتەی کە لە ئێستادا (واتە لە ٢٠٢٠دا) وەک کوردستان دەناسرێت بەنزیکەی ٢٥٪ لە کوردستانی ١٣٠ ساڵ لەمەوبەر بچوکترە. واتە لەم ١٣٠ ساڵەی رابردوودا نزیکەی چوار-یەکی خاکی کوردستان لەدەست چووە و چیتر بە کوردستان هەژمار ناکرێت.

◈ دووەم: لەو ١٣٠ ساڵەدا، زۆرترین بەشە خاکی لەدەستچوو لە رۆژئاوای فورات لە باکور و لە باشور و رۆژهەڵاتیش لە بەشە باشورەکەیەتی.

◈ سێیەم:
وەک لە نەخشەکەدا دیارە، لەو سەردەمەدا کوردستان ژێردەستەی قاجارییەکان و عوسمانییەکان و روسەکان بووە. ئەو بەشە کوردستانەی ژێردەستەی روسەکان بوو بەتەواوی لە زاکیرەی مێژووی ئێمەدا سڕاوەتەوە.


◈ چوارەم: هەرچەندە ئازەرییەکانی ئێران وەک کورد ژێردەستەبوون، بەڵام لە ١٣٠ ساڵی رابردوودا توانیویانە بەشێوەیەکی بەرچاو دیموگرافییای گۆلی ورمێ بگۆڕن.

◈ پێنجەم: لە رابردوودا و بەهۆی هێواشی پرۆسەی مۆدێرنەتە و بە عەشیرەت مانەوەی کورد، پرۆسەی تواندنەوەی کورد تا رادەیەکی زۆر هێواش بوو. لە ١٣٠ ساڵی داهاتوودا، چاوەروان دەکرێت ئەم پرۆسەیە زۆر خێراتر بێت و رەنگە شتێک نەمێنێت بەناوی کوردستان.

◈ شەشەم: کاتێک ١٣٠ ساڵ لەمەوبەر، کوردستان وەک یەکەیەکی جوگرافی لەیەک دانەبڕاو بینراوە، وڵاتێک نەبوو بەناوی عێراق.

◈ حەوتەم: لە نەخشەکەدا رەنگە سەوزە کاڵەکە کوردی سوننەیە، رەنگە سەوزە تۆخەکەش کوردی عەلەوین. ناوچەی دەرسیم-سیڤاس لە باکور و خانەقین-کرماشان لە باشور و رۆژهەڵات بە هەمان رەنگی سەوزی تۆخ کێشراون. ئەمەش وادەگەیەنێت کە عەلەوی و یارسانی بەیەک دین هەژمار کراون (جێگای سەرنجە زمانی پیرۆزی هەردوو ئایینەکە، گۆرانی و زازاکی، لەیەک نزیکە).

◈ هەشتەم: ئەم نەخشەیە پێش قەتڵ و عامی ئەرمەنەکان کێشراوە و ئەو ئیدیعایانەی کە ناوچەکانی وان و دیاربەکر و ئەرزنجان ئەرمەنی بوون بەتاڵ دەکاتەوە. ئەوان لەناوچەکەدا هەبوون، بەڵام کەمینە بوون.




لە پەڕەی کاک (aram rafaat) وەرگیراوە

# ئازاد هۆنەرێنەیی: بیرەوەری



خەندە هێنەرلە ئێستادا و لەکاتی خۆیدا پڕ تراژیدا ڕۆ دەچمە ناو
یادەرییەکانم..... لە یەکێک لەشەوە سەختەکانی ئەو ڕۆژگارەدا لە تیپی
47 پیرەمەگرون بوین بەرپرسی تیپ کاک شۆڕش اسماعیل بوو لەگەڵ
کاک اسماعیلی مەلا عبدول و چەند پێسمەرگەیەک مەفرۆزەیەکمان کرد بۆ
ناو شاری سلێمانی بۆ دەست وەشاندن لە دوژمن کەویتنە ناو کەمینی
(هێزی تایبەت)قوات خاسەوە و دامان بە یەکدا کاک شۆڕش و کاک
اسماعیل و چەند برادەرێکی تر بریندار بوون برادەرێکمان لەگەڵ بوو
ناسراو بە سەلاح سەقزی بە سەختی پێکرابوو فیشەک لە بڕبڕەی پشتی
دابوو هەرچۆن بوو دەربازمان کردو گەڕاینەوە ناوچە ئازاد کراوەکان
دۆڵەڕوت. دەبوو زۆر بە خێرایی بیگەیەنینە نەخۆشخانەی بەرگەڵوو بۆ
هەموو گەل و نەتەوەیەک مێژویەکیان هەیە و بەرچاویان ڕوونە کە چارەسەر دەبوایە لە مۆکەبەوە بیگەیەنینە گاپیلۆن لە مۆکەبە کە
دەتوانن لەسۆنگەی ئەو مێژووەوە نەخشەو پلانی ئاییندەیان بۆ ئاسایشی دەردەچویت پێیان دەگووت کۆلکە ڕەش ڕەبایەیەکی لێبوو گەر سەیارە
نەتەوەیی و هەرێمیان دابنێن. بە داخ و نیگەرانییەوە ئێمەی کورد نە لەویوە بڕۆشتایە نافەری تێدا بوایە تەقەیان لێدەکرد ئێمەش بۆ خۆ
خۆمان هێندە لە خەمی مێژووی خۆماندا بووین نە دوژمنەکانیشمان بایی پارێزی پێشتر دابەزین و کاک سەلاح مان بە کۆڵ و سەر شان گواستەوە
هێندە بە ویژدان بون کە وەک خۆمان وێنامان بکەن هەمیشە هەوڵیان گەیشتینە سەر قەبرانەکەی کارێزە کاک سەلاح مان دانا و چاوەڕێی
ئەوە بووە بە ناشیرینترین شێوە وێنامان بکەن لە هەمو ناوچەکەو سەیارەکەمان دەکرد کە هۆشی هاتەوە بە خۆدا سەیری کرد لەسەر قەبرانە
جیهاندا .تاکە ڕێگا بۆ من وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و بە پێی توانای هاواری کرد کاکە وەڵا ماوم نەمردوم بۆ ئەوەی ئێمە دڵنیا بکات بزانین
خۆم ئەو ڕۆژگارەی تێیدا ژیاوم و بەشیک بووم لە کاراکتەری ئەو ڕوداو ماوە بە دەنگی بەرز شیعرێکی خوێندەوە ئێمە لە چ چاوەڕوانییەکدا بوین
تراژیدیایانە وەک خۆی دەنوسمەوەو ناوی دەنێم بیرەوەری بۆ ئەوەی ئەویش بیری لای چی بوو لەگەڵ ئەو هەموو سات و کاتە ناخۆشەدا
نەوەکانی پاش ئێمە بەرچاویان ڕوون بێت بزانن کە میللەتە ستەم دامانا قاقای پێکەنین. عومەری مامە عەزە پیاوێکی قارەمان و بەهیمەت
دیدەکەیان چۆن ژیاون و لە نێو کەماشەی دوژماندا هەم بۆ بەرچاو ڕوون گێڕایەوە گووتی مقاڕمان لە قزلەر بوو پێشمەرگەیەکیان هێنا بۆ مقەڕ زۆر
بن بۆ ناسینی دوژمنان و دەورو بەر هەم بەو ئاواتەوە کەسانێکی بەسەختی بریندار ببوو پێشمەرگەیەکمان لابوو ڕۆحی شادبی شەهید بوو
دڵسۆزو خەمخۆریان تێدا هەڵکەوێ چاکی لێبکا بە لاداو ئەو نوسراوانە ناوی ابراهیم بوو پێیان دەگووت بلە لوتە کاتی سەرە حەرەسیاتی ئەو بە
بکەنە مێژوویەک و لە ئەرشیفی میللە تەکەمدا بمێنێتەوە منیش سەرەڕای داخەوە برینداەکە شەهید دەبێ هاوڕێکانی بردیان پێشمەرگەیەکی تری
ئەوەی کە نوسەر نیم و لەو بوارەدا پسپۆڕ نەبوم و نیم هەوڵ ئەدەم برینداریان هێنا ناوی سەمەد بوو ئەویش برینی سەخت بوو دایان نابوو
زۆربەی ڕووداوەکان بە جوان و قێزەوەنییەوە بە تاڵ و شیرینییە وە کاتی بلە دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕینی حەرەس برینداەکە هۆشی دیتەوەو سەر
وەک خۆی دەخەمە بەر دیدەی خوێنەری کورد بە ئومێدێ کە بتوانم بەرز ئەکاتەوە داوای ئاو دەکا برایم کە ئەوە دەبینی دەشڵەژێ و هاوار
شارایەک بخەمە سەر مەڵۆو پاشان بیکەنە خەرمانێک بۆ نەوەکانی ئەکا فریاکەون شەهیدەکە زیندوو بۆتەوەوە لە گەرمەی ئەو ساتە وەختە
ئاییندەی نەتەوەکەم لە دڵەوە داوای بەخشین لە خوێنەری ئازیز دەکەم بە پڕ ناسۆرو خەمەدا برادەران دەس دەکەنە پێکەنین و ڕوداوەکەی پێدەڵێن
چاوی میهرەبانییەوە بڕوانە نوسینەکانم هەوڵ ئەدەم بەش بەش بیان ئێمە ئاوا هەمو تەمەنی جوانی خۆمان لە پێناو گەل و خاکدا بەخشی و
نوسمەوە و ئێوەش بە ئامۆژگاری و تێبینییەکانتان بتوانن هاوکارم بن ئاوا ژیانمان بردە سەر لە پێناو ئەوەی کە نەتەوەکەمان بە ئازادی و
بۆ باش کردنی کارەکانم سەرکەوتنتان بە دڵ خوازیارم . بەندە ئازاد خۆشی بژی بەڵام بە داخەوە هەموو خۆزگەو ئاواتەکانمان بوونە بڵقی
عبداللە رشید ناسراو بە ئازاد هۆندەرێنی هەر شاد بن بەچەند ڕوداویکی سەرئاو.

# بۆ ڕۆژی شەهید



**سەرکەوتی جیهاز**

مێژوی ئێمە مێژوویەکە پڕ لە ململانێ ی بەرەنگاربونەوەی مانەوەی ناسنامە ، ئەم بەرەنگاربونەوەیە و ئەم بەرگریکردنە لە ناسنامە ، پێویستی بە قوربانیدانی گەورە بوە تا بگەینە شوێنێک بە مانا گشتیەکەی ڕۆحی ئەم شەهیدانە ئاسودە بێت ، با لێرەدا پرسیارێک لە خۆمان بکەین ، ئایا هەر بەڕاست کە گەشتینە ئێرە توانیمان ڕۆحی شەهیدان ئاسودە بکەین .؟؟

دوای کەوتنی ئەسپی ئەیلول شۆڕشی نوێ لە هەناوی شکستێکی گەورەوە توانی پەرە بە خەباتی بەرگری لە ناسنامەی نەتەوەیەک و نیشتمانێک بکات و بە ئامادەبونێکی پڕ قوربانی گەورەوە لە هەناوی شکستی شۆڕشێکەوە توانی ڕوخان بکات بە بونیادنانەوە و کەوتن بکات بە هەستانەوە ، کە ناومان نا ڕوباری خوێن ، خۆ ئەگەر هەمو ڕوبارەکانی پێش شۆڕشی نوێ و دوای کەوتنی ئەسپی ئەیلول بەستینەوە پێکەوە ئەوا کەم نەتەوە هەیە توانیێتی بێ بونی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەم قوربانیە گەورەیە بدات ، ئەگەر چی بەریەککەوتنی هێزە گەورەکانی جیهان و ناوچەکە بە ئاراستەی بەرژەوەندی خەباتی چەکداری کورد نەبوە ، بەڵام کورد توانیویەتی بە قوربانیدان و ئەم ڕوباری خوێنانە بەرگری لە مانەوەی خۆی بکات و درێژە بە شۆڕشەکانی بدات ، ئا لێرەدا دەبێت بچینەوە سەر کرۆکی پرسیارەکەمان:

کە ئایا توانیامان بەری ڕەنج وخەباتی ئەم ڕوبارە خوێنە بکەینە ماڵیک بۆ ئاسودەی تاکی کورد ..؟؟ لەم هەگبەدا دوا ڕوبار نیە بەڵکو لەگەڵ گەشتنمان بە دەوڵەت هێشتا ڕوبارە خوێنەکە هەر درێژەی هەیە ، بەڵێ ئێمە بە هەمو کەم و کوڕیەکانەوە دەوڵەتمان هەیە دامەزراوەیەکانی هەر چوار دەستەڵاتەکەمان هەیە ، پەیوەندی گرنگ و جیهانیمان هەیە ، سەرچاوەی داهاتی هەمە ڕەنگە و خۆبژێویمان هەیە ، لە پەنای ئەم دەوڵەتداریەدا هێشا ڕوبارە خوێنەکەمان هەر دەڕوا و پێویستی بە خوێنی زیاتر هەیە ، وەک بینیمان لە شەڕی داعش ، بەڵام با لە خۆمان بپرسین بۆ ئەم هەمو غەدرە لەم ڕوبارە خوێنە دەکەین ، کوفرێکی گەورەی خوێنیە کە نەتوانی وا لە تاکی هاوڵاتی بکەیت شانازی بکات بەم ڕوبارەوە ، کوفرێکی گەورەی شۆڕشیە کە سەرچاوەی ئەم خوێنە شۆڕش بوە ئێستە ببێتە گاڵتەجاڕی ، گوناهێکی هێندە گەورەیە کە :

1. بنەماڵەی ئەم شەهیدانە لە سایەی دەوڵەتێکی بێ بەرنامەوە کە بەری ڕەنجی شەهیدانە داواو بکەن موچەکانیان لە بەغداد بدرێت.
2. تاکی کورد لە بەرهەمێنەوە بکرێت بە بەرخۆر و دنیایەک بن دیوار و پاسەوان.
3. بە هێکتار زەوی هەبێت و نەتوانرێت بکرێت بە بونیادی ژێر خانی ئابوری و دەوڵەت پایەکانی لەسەر دابنێ و داگیر بکرێت .
4. دەوڵەت و حکومەت قاسەی بەتاڵ بێت ، لێپرساو و کارئەکتەری ناو ئەو شۆڕشە قاسەیان لە حکومەت پڕ تر بێت .
5. گوناهێکی گەورەیە بەرامبەر ئەو دەریا خوێنە دو ئیدارە و دو زۆن و دو دەوڵەتی داگیرکەر تەحکوم بە بەرهەمی ئەم ڕوبارەوە بکەن .

هەمو ئەمانە و یەک دنیا شتی تر ، ئێ خۆ تا ئێستا کارئەکتەری ناو دواهەمین شۆڕشی خاوەنداری ڕوبارە خوێنەکە زۆربەیان ماون و لەهەرەمی دەستەڵاتدان دەبێ ئەم پرسیارانە لە خۆیان بکەن ، بۆ کە گەشتنە ئێرە نەیان توانی چەتری ئاسودەی حکومڕانی بەرهەم بهێنین ، هەر بەڕاستی ئەم ڕوبارە خوێنە ئەم هەمو قوربانیدانە دوای ئەم هەمو نارەزاییە ناکرێت لە شوێنێکا ڕابگیرێ ، ئایا ئەمە گوناهی بەکافربون نیە بەرامبەر ڕوبارە خوێنەکە ، یان ڕوبکەینە کێ و بڵێین تکایە با بەس بێت ڕۆژێک دێت سواربونی ئەسپی شۆڕش هەمان گلان دروست نەبێتەوە و دەستەڵاتدارەکانیش خۆشیان نەزانن بۆ..؟

# چیرۆکێک لە ئەدەبی "چیک"ەوە

وەرگێڕانی: ئارام سیاگوێزیی

---

لەیەکێ لە دارستانەکان هەلێکی کار ڕاگەیەنرا بۆ وەزیفەی "کەروێشک". کەس نەهاتە پێشەوە بۆ ئەو وەزیفەیە جگە لە "ورچ"ـێکی بێکار، یەکسەر وەرگیرا و فەرمانی دامەزراندنی دەرچوو.

دوای ماوەیەک "ورچ"ـەکە تێبینیی کرد لە دارستانەکەدا "کەروێشک"ـێکی دامەزراو هەیە بە پلەی وەزیفەی "ورچ"، وە موچە و دەرماڵە و بەخششی ورچێکی وەردەگرت، بەڵام خودی "ورچ"ـەکە تەنها دەرماڵەی کەروێشکێکی بۆ خەرج دەکرا...

"ورچ"ـەکەش سکالایەکی پێشکەشی بەڕێوبەری ئیدارە کرد و سکالاکەش گوزرایەوە بۆ ئیدارەی گشتی، لیژنەیەک پێکهێنرا لەچەند "پڵنگ"ـێک تاوەکو تەماشای سکالایەکە بکەن، وە هەریەک لە ورچەکە و کەروێشکەکە بانگهێشت کران تا سەیری کێشەکە بکرێت.


لێژنەکە داوای لە "کەروێشک"ـەکە کرد کە ئەوراق و بەڵگەنامە و DNA ـەیەکەی بخاتە ڕوو، کەچی تەواوی بەڵگەکان جەختیان لەوە کردەوە کە کەروێشکەکە ورچە.

پاشان لێژنەکە داوای لە "ورچ"ـەکە کرد کە بەڵگەنامە و ئەوراق و DNA خۆی بخاتە ڕوو، کە بەهەمانشێوە تەواوی بەڵگەکان جەختیان لەوە کردەوە کە ئەو ورچە کەروێشکە.

ئیتر بڕیاری لێژنەکە دەرچوو بێ هیچ دەستکارییەک، لەبەر ئەوەی کەروێشکەکە ورچە و ورچەکەش کەروێشکە بەهەموو پێوانە و بەڵگەیەک.

"ورچ"ـەکە نەوەستا لەسەر بڕیاری لێژنە و هیچ اعتراضێکی لەسەر نەگرت، وە کاتێک پرسیاریان لێکرد لە هۆکاری ڕازیی بوونی لەسەر بڕیارەکە وەڵامی دایەوە:

چۆن اعتراض لە بڕیاری لێژنەی "پڵنگ"ـەکان بگرم کە لە بنەمادا خۆیان کۆمەڵێکن لە "کەر" و کەچی تەواوی ئەوراق و بەڵگەکانیان دەڵێت ئەمانە "پڵنگ"ـن...؟




ئا: ئاوێنە

ئەم بەرهەمە نوێیە، لە دووتوێی (416) لاپەڕە دایە. گەلێ وێنەی گرنگ و ڕەنگاوڕەنگی تێدا هەیە. شایانی باسە، ئەمە نوێترین بەرهەم و دوا بەرهەمی ئەم ساڵی نووسەرە. تا ئێستەش بە گشتیی، (46) بەرهەمی لە بوارە جیاجیاکانی (زمانەوانیی، وێژەیی، ڕۆژنامەوانیی، یاد و بیرەوەریی، ساتیر، مێژوو، جوگرافیا و جیۆپۆلێتیک، کۆمەڵایەتی، ڕامیاریی و نەتەوەیی)دا بڵاوکردووەتەوە، بە هەمووشی (918. 10) لاپەڕەن نووسیوە.

بەرهەمەکە لە چوار بەش پێکهاتووە.


بەشی یەکەم - پێشەکی، باسێکی سولەیمانیی و سێ وتار لەسەر بنچینەکانی چاکەخوازیی.

بەشی دووەم – چاکەخوزەکان وەک: (حاجی کاک ئەحمەدی شێخ، کەریمی عەلەکە، حاجی عەلی بەگ، عەلی کەمال، دوکتۆر ئەنوەر شێخە، دوکتۆر جەمال ئەحمەد رەشید).

بەشی سێیەم: ڕامیارەکان وەک: (مستەفا پاشای یامولکی، قازی موحەممەد، جەلال تاڵەبانی، نەوشیروان مستەفا، حەمەی فەرەج، جەوهەر نامیق، سەعید قەزاز).

بەشی چوارەم: نووسەر و هونەران وەک: (عەلادین سەجادی، مەسعوود موحەممەد، جەمال بابان، حەمەی مەلاکەریم، مستەفا ساڵح کەریم، شێرکۆ بێکەس، دوکتۆر فازیل قەفتان، ئاسۆ عومەر سوارە}.

# دو هۆنراوەی،کەژال ئیبراهیم خدر



## تۆ بڵێی ئاسمان دایک بێ؟

١

نەرم، نەرم، کلو ،کلو
لەسنگی بێگەردی ئاسمان
بەفر دادەباری
تۆ بڵێی ئاسمانیش دایک بێ
شیر لەمەمکی بێتە خوارێ.

٢

بەفر گریا
ووتی "من دەمەوێ
چوار وەرزی ساڵ ،سپی بنوێنم
تا بۆگشت بووکە جوانەکانی نیشتمان
رەنگی سپی بنەخشێنم.

٣

شەڕە بەفرم لەگەڵ مەکە
بەرگەی ئەو تۆپەڵە ناگرم
چونکە من هێشتا مناڵم
بۆگەلێ شت گرو دەگرم.

٤

بەفر لەتۆ دەچێ
یان تۆ لەئەو
من نازانم لە شەوێکی بەفرانبارا
چۆن دەردەکەوی
وەک مانگەشەو.

٥

درەختەکان زۆر دڵخۆشن
کاتێ بەفر
تاڵی قژیان سپی دەکا
ئەی تۆ نەت ووت
قژت جوانە
وێنەی بەفر نیشان دەدا.

٦

بابە نۆئێل زۆر راست دەکا
بەرگی سوور، لەگەڵ بەفر جوانە
وێنەی رووومەتت دەنوێنێ
کاتێ لای قژم میوانە.

٧

ئەزمڕ بەو بەرگی سپیەوە
چاوەڕێی پیاسەی تۆ دەکا
ئەونازانێ عەشق وایە
بۆهەمیشە لە ناو قژی سپی مندا
خۆی وون دەکا.

٨

زەیتونەکەی بەردەرگەمان
سپی بووە
رەنگە سەوزەکەی نەماوە
تۆخوا تۆش رەنگت بگۆڕە
حەزم لەو ڕەشە نەماوە.

٩

بەبەفر بڵێ
بابەسەرمندابباری
من دەمەوێ چاوەکانت
هەر لەقژی من بنواڕێ.

١٠

لەناو پێستی سپی تۆدا
من هەر وێنەی خۆم دەبینم
تۆ لەسروشتەوە سپی
یامن وەک بووکە بەفرینە
دەتنەخشێنم.

# ماچێک لە پەڕەی گوڵ

١
من دەمەوێت
دەستت ماچ کەم
نەوەک کوڵم ولێوەکانت
هەر بۆئەوەی ووشک نەبێ
هەست و سۆزی نێو دڵەکەم
وەک و خاک و خۆڵە ساردوو سڕەکەی بیابانت.
٢
گەردەتەوێ ماچم بکەی
دەبێ پەساپۆرتت پێ بێ
بۆ دەربازبوون لەسنورم
دڵنیایەبە گەرتۆ نەبێ
لە هیچ کەسێکی تر نابوورم.
٣
من ماچ بەماچ دەگۆڕمەوە
خۆت دەزانی، قەرزیش وایە
ئەمە یاسایی عشقی منە
نازانم لای تۆ چۆن ڕەوایە؟
٤
من ماچی پەرچەمت دەکەم
چونکە بۆمن دارستانە
خۆت دەزانی عاشق وایە
حەزی لەژوانی نێو بێستانە.
٥
من بەتەنها ماچێکی تۆ
بەسەدان ماچ ناگۆڕمەوە
ئەمە یاسای دڵی منە
لای دادوەریش نایسڕمەوە.
٦
ڕەنگە تێر نەخۆم بەماچی
چونکە ماچی تۆ شەرابە
پیکی لێوت مەستم دەکا
بۆیە هەمیشە خەرابە.
٧
ئەگەر کەسی ماچت بکا
من دڵ و گیانم دەلەرزێ
گەر لێوەکانی من نەبێ
بەفر چیایش تۆ نابەستێ.
٨
دەڵێی هێندە ماچم مەکە
باسوراوت نەسڕێتەوە
چۆن عاشقم
ئەگەر لێوم لە لێوی تۆ ببێتەوە.
٩
دەرگاکەتم لێ دامەخە
گەر هەموو ڕۆژێ
بێم بۆلات
چونکە دڵم هەر تۆی دەوێ
بۆیە جەستەم بۆتە خەڵات.
١٠
لەدوورەوە دەتناسمەوە
بۆنی ماچی منت لێدێ
خۆت دەزانی گشت چاو ساغێ
دەزانێ خۆر لەکوێ هەڵدێ.

**یادنامە YADNAME**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەرە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.

**Email :sarkawt_47@hotmail.com**
**Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234**